وەزارەتی تەندروستی داواکاریەک ئاراستەی دەرچووانی زانکۆ پزیشکییەکانی دەرەوەی عێراق دەکات

ئەمڕۆ یەکشەممە،وەزارەتی تەندروستی ڕێنمای لەبارەی دەرچوانی زانکۆ پزیشکییەکانی دەرەوەی عێراق دەردەکات کە ئارەزووی دامەزراندنیان هەیە.

وەزارەتی تەندروستی لە بەیاننامەیەکدا، ڕایگەیاند:-لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی "ساڵح مەهدی حەسناوی" وەزیری تەندروستی ودەستبەرکردنی دەرفەتی کار بۆ (دەرچووانی زانکۆ دانپێدانراوەکانی غێرە عێراقی) لە کۆلێژەکانی (پزیشکی گشتی و پزیشکی ددان و دەرمانسازی) و (کۆلێژ و پەیمانگا تەکنیکییەکان) لە دەرچووانی پزیشکی بۆ ساڵی خوێندنی (2022-2023)کە ئارەزووی دامەزراندن دەکەن بۆ ستافی وەزارەتەکەمان، پێویستە فۆمی ئەلیکترۆنی پێبکەنێوە،کە لێناو فۆرمەکەدا دێبێت ئاماژە بۆ تەماری زانیاری و خستنە ڕووی بەڵگەنامەکان بکرێت.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:-دەرچووانی زانکۆ غێرە عێراقییەکان بۆ بەشی پزیشکی و تەندروستییەکان ، دێبێت فۆمی تەمارکردنی ئەلیکترۆنی پێبکەنێوە و داتا و بەڵگەنامە و زانیاری بخەنە ڕوو.

بەیاننامەکەی وەزارەتی تەندروستی ئاوڕشی خستەڕوو:- پرکردنەوەی فۆمەکە بۆ ماوەی (15) ڕۆژ بۆ کراوەیی دەمێنێتەوە.